# ژنە نووسەری هۆڵەندی (بیتسی)

# کتێبێك لەسەر کوردستان دەنووسێ....

لەرۆژی 2007/4/19 بەڕێز د. شوان مەحەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت پێشوازیکرد لە هەریەك لە خاتوو (بیتسی ئودینك) ژنە نووسەری هۆڵەندی و خاتوو (سۆزان شەهاب نوری) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

لە پێشدا وەزیری مافی مرۆڤ بە چڕوپڕی باسی هەنگاوە بەرنامە رێژییەکانی وەزارەتی کرد لە رووی رەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا و هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی پێشێلکارییەکان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چوونە ناویانەوە تا لە کرۆکی مەسەلە بنەڕەتیەکانی ئەم پرۆسەیە بگەیێنری....

لە بۆچوونێکی خاتوونی میوان لەمەڕ بوونی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە حکومەت وەزیر دووپاتی کردەوە کە زەرورییەتێکی سەردەمانەیە کە ئەم وەزارەتە لە حکومەتدا هەبێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکانی ناو حکومەت بەتایبەت پۆلیس و ئاسایش کە بەشێکی گرنگن لەبواری یاساو پاراستنی مافی مرۆڤ لەمەڕ پێشێلکاریەکان گفتوگۆ بکری....

هەر لەم دیدارەدا ئاماژەی بەو پەیوەندییە بەهێزەدا کەوەزارەت لەگەڵ رێکخراوەکانی (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ)و(یونامی)و رێکخراوە ناحکومیەکانی دیکە هەیەو راپۆرتی کارەکانی وەزارەت دوو مانگ جارێك دەردەچێ و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و میدیاکان بۆیان هەیە ببینن

لەبەرامبەردا خاتوو (بیتسی) ئەم هەوڵانەی بەرزنرخاند و ئەو رەوشە ئارامەشی بەبەشێك لە گۆڕانکارییەکان داناو راشیگەیاند کە بەنیازی نووسینی کتێبێك لەسەر کوردستان سەردانی ئەم دەڤەرەی کردووە و لە هەمووشی گرنگتر بەلای ئەوەوە رەوشی مافی مرۆڤەو تائێستاکەش بۆ هەمان مەبەست لەسەر وڵاتانی (سعودیەو ئەفغانستان)کتێبی چاپکردووە....